# پاڕانەوە بۆ ئاواران

ئەی یەزدان، گیانی خۆمان بۆ تۆ بەرز دەکەینەوە،
هەمیشە چاومان ئاراستەی تۆ کردووین،
پشتمان هەر بە تۆ بەستووین.

هەموو ئەوانەی ئومێدیان بە تۆ هەیە، شەرمەزار نابن،
بەڵکو ئەوانە شەرمەزار دەبن کە بەبێ هۆ ناپاکی دەکەن.

هەموو ڕێگاکانی تۆ ڕاست و خۆشەویستی نەگۆڕن،
لە ڕاستی خۆت ئێمە ڕێنمای بکە و فێرمان بکە.

گوناهەکانمان بە بیری خۆت مەهێنەوە،
بەلکو بە گوێرەی خۆشەویستییە نەگۆڕەکەت بیرمان لێ بکەرەوە.

لەپێناوی ناوی خۆت، لە گوناهەکانمان خۆش بە، هەرچەندە گەورەشە.

دەزانین کە یەزدان چاک و سەرڕاستە،
بۆیە گوناهکاران فێری ڕاستەڕێیی دەکات و
ڕابەرایەتی ڕۆح سووکەکان دەکات بۆ دادپەروەری.

ئەی بەوکمان، ئاوڕمان لێ بدەرەوە و لەگەڵمان میهرەبان بە،
چونکە تەنیا و کڵۆڵین.

دڵتەنگمان زیاد بووە، لە تەنگانەکانمان ڕزگارمان بکە.
ئەی یەزدان، کە لێت دەپاڕێینەوە، بە دەنگمانەوە وەرە!

تەماشای داماوی و ڕەنجکێشانمان بکە،
تەماشای دوژمنەکانمان بکە چەند زۆر بوونە،
ژیانمان بپارێزە و ڕزگارمان بکە.

ئەی بەوکمان، پەنا وەبەر تۆ دەهێنین.

بە ناوی عیسای مەسیح پەروەردگارمان، ئامین.